هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

# دووان

حەسەن جاف
١٩٧٨/٨/٣٠

-١-

ئەم بەیانیە لە زستان نەدەچوو . ئاسمان ڕووپۆشی هەوری لادابوو ڕوخساری زیونیی گەشی دەبریسکایەوە . خۆر هێدی هێدی لەو دیو زورگەکانی کەرکوکەوە بەرز دەبوەوەو تیشکە زێڕینەکەی تەزوویێکی فێنکی بە لەشیدا دەهێنا . جادەکە لە ژێر پێیدا خاوێن‌و وردەبەردو چەوی زەردو سوورو قاوەیی وێنەی تابلۆیێکی سریالی‌یان لە بەرچاویا دەکێشا . دەمێك‌بوو بڕیاری دابوو بە پێ بڕوا بۆ مەکتەب «پیاسەیەو چاو لەوەڕاندن‌و وەرزشیشە» . ئەم زیاتر مەبەستی چاو گێڕانەکەبوو . بەیانیان زوو ، کچان دووان دووان‌و سیان سیان . هەندێکیشیان بەتەنیا ، هەر یەکە کۆمەڵە کتێبێکی ئاخنیوەتە جانتا . یان توورەکەیێکی چنراو یا چەرم‌و بە سەرشانیا شۆڕی کردوەتەوە . ورد ورد سۆنە ئاسایی ڕوو لە قوتابخانە دەکەن .

لە ئەمبەرو ئەوبەری جادەکەو سەر کۆڵانەکانیش لاوان ڕاوەستاون بە قژی درێژو جل‌و بەرگی تەسك لە سەرەوەو پان‌و پۆڕ لە پێیندا، بە دەم جگەرەکێشان‌و زەردە خەنەو پلارگرتن کچان بەرێ دەکەن .

کە لەم میهرەجانی زەردو سوورو سەوزو شینەدا تەماشای خۆی دەکرد هەستی بە نامۆییەکی قووڵ دەکردو گاڵتەی بە خۆی دەهات ، ریشی بە تەواوی بۆزبوبو ، بەڵام هەموو بەیانیەك

بوو بەو گوێ درێژەی کرابووە ژووری گەرمی ئەو حەمامەوە . دوای تاوێك تاساوی بەروو دووا ئەو ناوەیان جێ‌هێشت .

٭ ٭ ٭

دەمێك بوو شتێك لە گۆڕێدا بووو لە ئێمەیان دەشاردەوە . کاتێك کە باوکمان خۆی دا بەدەرگاکەداو خستی‌یە سەر گازی پشت ، دنیا تەواو ڕووناك ببووەوە . کۆڵانەکە ژنە دێهاتی‌یەکانی بە جامەماستەکانیانەوە بەرەو مەیدانی ماست فرۆشەکان بەرێ دەکرد .

باوکمان هەناسەی سووارو ڕەنگی هەڵبزڕکابوو . بەهەنگاوی گەورەو خێرا ، حەوشەکەی دەبڕی‌و ڕووەو لای ئێمە دەهات . دایکیشمان بەدیار قۆری‌و سەماوەرەکەوە کڕ کەوتبوو . لاوازو بێ خوێن دەی نواند . ئێمەش لەو منداڵە ڕەنگ زەرد و دەردەدارانە دەچووین کە دووای پەتایەکی قورس هەڵدەستنەوە .

کە باوکمان خۆی گەیاندە لامان ، ڕووی کردە دایکمان وپێ‌ی ووت :

× هەموو شت ئاشکرابوو .

دایکمان وەك بڕوا بەقسەکانی باوکمان نەکات . تێ‌ی دەڕوانی ولێ‌ی وورد دەبووەوە .

بەباوکمان ووت :

× کەوابو ئێرە جێ ناهێڵین ؟

باوکمان دەستی لەسەر دادەگرت :

× هەرگیز .

دووای ئەو قسانە هەستمان دەکرد ووردە ووردەو لە سەر خۆ باری شانمان سووك دەبێت . سوورایی دەگەڕێتەوە خوێنمان‌و بەری چاومان ڕۆشن دەبێتەوە . بیرو لێکدانەوەکان لە کۆڵ مێشکمان دەبنەوە . لەوەش زیاتر بۆ جارێکی کە لە تەك گەیشتنی یەکەم دەزوولەی خۆری ئەو ڕۆژە نوێ‌یەدا ، خۆمان دەدەینەوە دەست شەقام‌و کۆڵانەکەو ، بە دووا شتەکانی دەورو بەرمان ئاشناو هۆگر دەبینەوە .

ئەیتاشی‌و دیار نەبوو . . ئەی تاڵە سپیەکانی سەری چی لێ بکا کە دەڵێی چاوی ڕێوییین‌و لە تاریکایی شەودا دەبریسکێنەوە ، ئەی ئەوانەی سەریان سپی بووەو چەن تاڵێکی ڕەشیان تێداماوە بۆ ڕەشەکە دیارنابێ ؟ بۆ ڕەنگی سپی بەسەر ڕەشدا زاڵ دەبێ ؟ لەبەرچی ؟ هەرچەندی دەکرد لەم هاوکێشە کیمیاییە سەری دەر نەدەکرد ، ئەگەر ئەمەشیان بە بۆیە چار کرد ! ئەی کوندەکەی زگی چی لێ بکات ؟ سەدەها جار ڕیجیمی کردوەو ڕەمەزانان بەرۆژوو بووە کەچی بۆ نەگبەتی زیادی کردوە ! بە ساڵاچووە . . . هەرچەندە بە درێژایی تەمەنی گاڵتەی بە ساڵ دەهات‌و بڕوای بەرا کردنی کات نەبوو «کات چیە ؟ لێم نەپرسن دەیزانم ، کە لێیان پرسیم ناتوانم باسی بکەم» هەموو جارێ ئەم وتەیەی هیراکلیتس‌ی دووبارە دەکردەوەو پێکەنینی بە کات دەهات‌و ئەویش ڕای دەکردو جێ پەنجەی خۆی لە نەخشەی سەروسیمایدا بەجێ دەهیشت ، گەلێك هیواو ئاوات لە نزاری دڵی‌دا سەوز دەبووو چاوەڕێی دڵۆپە بارانێکی دوارۆژبوو ، باران نەباری‌و ساڵانیش بەسەر چوون . . . زۆر تریش لەوە دەترسا ئاواتەکانی بیاتە ژێر گڵەوە . تینووبوو . . هەمیشە شەیدای مێرگێکی سازگاری ناو بیابانی کاکی بە کاکی‌ی تەمەنی‌بوو .

کە جوانێك بەلایدا تێدەپەڕی زۆر بە دیقەت سەرنجی دەدا ، لەش‌و لار ، دەم‌و چاو ، چۆنیەتی هەنگاو هەڵهێنانەوەی ، تەنانەت کەلێیشی ڕەت دەبوو سەرنجێکی قووڵی دەدا . . لە قووڵایی دەروونیدا هەستی بە تەنیایی دەکرد ، تینووی تەنها جوانێك‌بوو ، هەر شۆخێك هێمای ئەو فریشتەیەبوو کە لە ئاسمانی دڵیدا ئەستێرە ئاسا دەدرەوشایەوە ، ئامادەبوو لە گشت دەریاکانی مەترسیدا مەلە بکات تا دەگاتە کەناری نهێنیەکانی پەرستگاکەی‌و لە بەندەری ئەڤینیدا هەناسەیێکی قووڵی پڕ بە سییەکانی هەڵبکێشێ‌و ڕوو لە ئاسۆی پەمەیی دڵداریی ڕاستەقینە بکات . . هەموو جارێکیش مۆتەکەی تەمەن خۆی بە سەر سنگیدا دادەداو ئاسۆی هیوای لێڵ‌و تەماوی دەکرد .

جارێکیان کچۆڵەیێکی ناسك چەکوشێکی کێشا بە سەر لووتیاو وورو گێژی کرد .

– مامە سەعات چەندە

مامە ! دەفەرموو سەیری ئەم دیلەقوڕە ! بۆ من ئەوەندە پیرم مامەم پێ بوترێ . . هەر دەڕۆیشت‌و لەبەر خۆیەوە بۆڵەی دەهات

– ئەوە چیتە ئەڵێی پیرەژنی دۆرژاوی‌و لەبەر خۆتەوە بۆڵەت دێ

سەری هەڵبڕی حەمەی هاوڕێی بە زەردەخەنێکەوە تێی دەڕوانی

– بڵێم‌چی . . . پێم ئەڵێ مامە سەعات چەندە ؟

– ئەی بە تەمای چیت پێ بڵێ . . . کورە بچکۆلانەکە ! پیر بوویت هەروات پێ دەوترێ . .

ئەمیش دەردەکەی گرانترکرد ، تەماشای خۆی دەکرد لە ئاوێنەکەدا ، پیری پێوە دیارنیە ! دوایی . . چل ساڵ کەی پیرە ، پۆپەی پێگەیشتن‌و گەنجیە ! کەی تەمەن بە ساڵ ژمێردراوە ، تەمەن دڵەو وزەی لەبن نەهاتووی خۆشەویستیە ، یەکێکت خۆش بوێ‌و ئەویش تۆی خۆش بوێ » . . جاکوا ؟ . ! » . . ئیتر ڕۆژو مانگ‌و ساڵ تەنها ژمارەن . . . نمرەن . . ر مرۆڤ خۆی دایهێناون . . کەی ڕەوایە دیلی دەستکردی خۆی بێت ! !

لە پڕ ئەبلەق‌بوو . . مێشکی وەستا . . . هەستی کرد لەشی ئیفلیج بوو . . ئەوەتا . . . خۆیەتی .

ئەم

ئەوە دەرکەوت ! خۆزگە دەمزانی بۆچی وازوو دڵم دادەخورپێ‌و ڕەنگم هەڵدەبزرکێ ، خۆ هەمووی چەن ڕۆژێکە دەیبینم ! کۆڕا وازوو کاری تێکردم ! ! باشە ئەمە ئەبێ کێ بێ‌و کەی هاتبێتە ئەم ناوە . . . کوڕە من چیم داوە لەم کەین‌و بەینە ! ئێستە ئەو هەیە و لە بەر چاومەو هەرچی دەیبینم قەڵەمی

ئەژنۆم دەشکێ ، لەم راستیە بەولاوە هیچی دیکە نازانم‌و نامەوێ بیزانم . . ئیستە ئەبێ چی‌بڵێم . . هەردوو لێوم لێم یاخین ، وشك‌و لەرزۆك دەڵێ‌ی گەڵای وشکی بەر رەشەبان . . . بەڵام هەر دەبێ شتێك بڵێم . . . دەزانم ئافرەت پیاوی ترسنۆکی خۆش ناوێ . . . خۆزگە وەك هەندێ کەسی خواپێداودەسەڵاتم بەسەر دڵ‌و دەروونما دەشکاو هێمن دەبووم‌و رەنگم هەڵنەدەبزرکا ، ئەوسا یەکسەر دەچوومە لای‌و پێم دەوت. دەمەوێ بتناسم ، ئەویش بەشەرمەوە سەری دانە نەواندو بزەیەك دەبگرت‌و دەیوت منیش دەمەوێ یەك بین ، ئەوسا دەس دەخەمە ناو دەسی‌و ملی رێ دەگرین . . . بۆ کوێ ؟ بۆ کەرکووك شوێنێ تیاماوە پیاو بیکا بەجێ ژووان ؟ بە سەدان گەنجی چاو زەق دووت دەکەون وپلارو توانجت تێدەگرن !

بەڵام کێ ئەڵێ ئەو ئاگای لە نیازی من هەیە ، رەنگە واتێ‌بگا من دەمەوێ لە گەڵیا رابوێرم . . نەخێر وانیە ، من نیازم پاکە ، دەمەوێ ببین بە هاورێ‌یەکی گیانی بەگیانی ، پێکەوە دابنیشین ، رازی دڵمان بۆ یەکتر بدرکێنین ، ئەوانەی دەیانوسم پیشانی بدەم ، بۆی بخوێنمەوە ، رای وەرگرم ، بیرورا بگۆرینەوە ، گوێم لێ بگرێ ، باسی هیواو ئاواتی خۆمی بۆ بکەم ، ئەوانەی خۆشم دەوێن‌و ئەوانەی حەزیان لێ ناکەم . .

ئای لە دەریای خەیاڵاتم کە فراوانە ، تۆ بزانە کەشتی‌ی ئاواتم گەیاندمیە کوێ ، کێ دەڵێ هەر رازی دەبێ وەڵامم بداتەوە نەخوازەڵلا بیێ بە هاورێم . . من نزیکترین کەس لێمەوە تێم نەگەیشتوەو پێم دەڵێ «ناتوانی لە گەڵ کەسدا بگونجێ‌ی ئیتر ئەبێ ئەم چۆن بێ لە گەڵماو چۆنم وەلام بداتەوە ، رەنگە ئەمیش پاش ماوەیەکی کورت لێم بێزاربێ‌و هەمان قەوانم بۆ لێ‌بدات«رۆژنا» ئێوارە وتەیەکی لەدەمم نایێتەدەر هەر خەریکی کتێب خوێندنەوەیە ، کتێب مێشکی تێك‌داوە ! »

بەڵام نەء ، بروانا‌کەم ! من ئەوم خۆش دەوێ ، دەبێ ئەویش وابێت ، ئەی نالێن «ئافرەت لە دووری سەدان فەرسخەوە هەست بەو پیاوە دەکا کە خۆشی دەوێ» دەستی دەگرم‌و پێ‌ی دەڵێم من تۆم دەوێ ، زۆر لە مێژەوە بۆت دەگەرێم ئەی کانیاوی بیابانی ژینم ، دەوەرە دەست بخەرە ناو دەبستم ، تینویەتیم بشکێنە ، رێ‌ی تاریك‌و دووری تەمەنم رووناك بکەرەوە ، زۆر گەرام ، سنگی زۆر دەریام شەق‌کرد ، ئاسمانی گەلێك وڵاتانم تەی‌کرد ، بێ‌کەسی ، برسیەتی ، شەکەتی ، تێ‌هەڵدان ، دەربەدەری گەلێکم چەشت ، رێبوارێکی ماندووی رێگەیێکی دووری دەرنەچووبوم ، ساڵە های ساڵ بەردەکەی سیزیفم بە کۆڵەوەبوو سەرەو ژوورم دەکردەوە تاگەیانمە لووتکە ، بەڵام لەودیو هیچم بەدی نەکرد ، قووڵاێیکی تاریك‌و دۆڵێکی کپی هەزار بە هەزار نەبێ ! لەسەر رەوەزێکدا گیرم خوارد ، نەدەمتوانی بەودیوا بچمە خوارەوە ، نە دەشمتوانی بگەرێمەوە دواوە . دەیانگوت سەبر بکە ، دەشڵێمە سەبری بچووکی خوا چل ساڵە ، خۆ من خوانیم ، تەمەن چەن چل ساڵی‌ی تێدا دەبێ ! دەگێرنەوە پێش من هەزار کەس ئاواتی کردنەوەی دەرگای کلۆم کراوی دڵی دڵدارەکانیان بردوەتە ژێرگڵ . رەنگە ئەوانیش وتبێتیان «من تۆم خۆش دەوێ ، من خۆشەویستی راستەقینەی تۆم ، کەی لێم تێدەگەی ، کەی دەزانی من تۆم بۆ سامان‌و جوانی ناوێ !» هەزار رەنگەو . . من . . . هتد بە ملیۆنەها جۆرو هەزارەها ساڵ ئەم‌داستانە دووبارە بوەتەوە .

لەوانەشە بڵێت لە گەڵ کچی تردا بوویت‌و دوای منیش هەوڵ بۆ کچی دیکە دەدەیت . . راستە ، چونکە هەموو کچێك تۆ بوویت ، هەر یەکێکیان شتێکیان فێرکردم‌و هەنگاوێك لە تۆیان نزیك کردمەوە ، ئیستاش نە پێش‌تۆو نە لە دوای تۆ کەسی ترم نەویستوەو نامەوێ ! !

ئەرێ وەڵلا . . پێکەنی ، بە ئاستەم بزەیەکی کرد ، ئا . . . وابوو ، خۆکوێرنیم ، بالاێك بکەمەوە ، بزانم تەماشام دەکا ، نەء ، ئافرەت «لەکۆمەڵی ئێمەدا» هەرگیز لاناکاتەوە . .

خەڵکی چی ی پێ دەڵێن.. با ئەمرۆش وەك رۆژانی دی بێت . . بەیانی کە گەیشتە لام لەبەر دەمیا رادەوەستم ، رۆژ باشێکی لێ دەکەم ، وەڵام دەداتەوە ! باش ئەزانم کە وەڵام دەداتەوە ! ئەگەر نا ، ئەو زەردە خەنەیە چی بوو ؟ ! دەبێ شتێك بکەم ئەم گۆمە مەندە بشڵەقێنم ولە سستی و کاری ئاسایی رۆژانەم رزگار بکات :ماڵەوە ، مەکتەب ، مەجیدیە ، بخۆ ، بخەوە ، بخوێنەرەوە ، ئەگەر ژیان وابێ مردنەکە باشترنیە ؟ ! زوو لە رۆژنامەیێکدا خوێندمەوە کە پزیشکێکی زۆر سەرکەوتوی شاری نیویۆرك خۆی کوشتبوو ، پۆلیس زۆر سەری لەم مەسەلەیە سور مابوو چونکە کابرا لە هیچی کەم نەبوو ، ئەی بۆ خۆی کوشت ؟ ! لە دواییدا نامەیێکیان لە ناو کاغەزەکانیدا دۆزیەوە وەڵامی پرسیارەکانی تێدابوو ، پزیشکەکە نووسیبووی «بەیانیان لە حەوت لەخەو هەڵدەستم ، ریش دەتاشم و بەدەم نانی بەیانیەوە رۆژنامەکان دەخوێنمەوەو لە هەشتدا دەچمە نەخۆشخانە تا سێ ، ئێواران سەعاتێك دێمەوە ماڵەوەو بۆ چوار لە عیادە دەبم تانۆ ، لەوێشەوە دەچم بۆ یانە ، دەخۆم ، دەخۆمەوە ، قومار دەکەم ، شەوسەعات دوانزە دێمەوە ماڵەوە . . . ئەمە پانزە ساڵە ئاوا دەژیم ، دوو پانزەیی یکەش هەر وادەبێ ئیتر ژیانم بۆچیە ؟ ! »

تەواو . . . سبەینێ قسەی لە گەڵ دەکەم ، ئەمجارەیان قسەکەم دەبەمە سەرو لە سبەینێ زووترنیە رۆژباشەکەی لێ دەکەم و مەسەلەکە ئەبڕمەوە .

– مامۆستا . . رۆژباش

– هەی سندان «رۆژباش» ئەوا یەکەم هەنگاوی ژیانی پڕو پووچ دەستی پێکرد .

**ئەو**

ئەوەتا . . دەڵێی دووربینی پێیەو لە ماڵەوە چاوی لێمە ، یەکسەر لەبەر لووتما سەوز دەبێ ، ئەم کابرایە چی ی دەوێ ، هەموو بەیانیەك لێم پەیدا دەبێ و کە دەگاتە ئاستم چاوی ئەوەندەی ژێرپیاڵەیەك دەکاتەوەو سەرنجم دەدات ، ئەبڵەق ، دەم داچەقاو ، رەنگ هەڵبزرکاو ، شڵەژاو ، جارێ دەس بە قژیا دەهێنێ ، جارێ دوگمەی چاکەتەکەی دادەخاو لەپڕ دەیکاتەوە ، سەیری ئەملاوئەولای خۆی دەکات . . ئەوە چیەتی . . ماشەڵلا کە دەعباێکی جوانی ، نا . . نا خۆ خراپیش نیە ، بەڵام گەورەیە . . ئیستە ئەبێ ژن و ماڵ و منداڵی هەبێ ، قابیلە لەم تەمەنەدا ژن و ماڵی نەبێ ، باشە ئەگەر ژنی هەیە بۆ واچاو برسیەو ئەڵێی قەت ئافرەتی نەدیوە . . . دەبڵێ ئاخر تۆ بەتەمای چیت ؟ کەی تەمەنی تۆو ئەم منداڵبازییەیان وتوە ؟ ! تۆزێ گەنجتر بوویتایە ، ژن و ماڵت نەبوایە هەر ئێهێکی تێدابوو ، نەبەخوا بەو حاڵەش هەر ناچێتە دڵەوە . . . تەماشا تەماشا ، سەیری ئەو چاوە زەقانە ، یا کونەلووتی دەڵێی کونە لووتی حوشترە ! باشە . . ئەبێ مەبەستی چی بێ ؟ هەموو بەیانیەك سەری کۆڵانەکەم پێ دەگرێ . . قەت ناشێ بە تەمای ئەوە بێ حەزی لێ بکەم ، دەك ئەو بەخت و ناوچەوانەم لە قوڕ گرت .

دەك خوا بتکا بە قوربان پێڵاوەکانی هیوا ، توخوا تۆ لە کوێ و ئەو لە کوێ ؟ ! بە قوربانی قژە زەردەکەی بم کە تاسەر شانی دێ ، یا ئەو چاوە شینانەی کە دەڵێی دوو گۆمی مەندن ، یالووتە بچووکە قنجەکەی ، توخوا ئەو لە کوێ و سەروفە ساڵی تۆ لەکوێ ، عەمری خۆت و ورگت نەمێنێ ، ئەڵێی هەمانەت بە بەرتەوە بەستوە ، بەڵام خەتای تۆنیە ، خەتای هیوایە ، بە تەمای ئەو دەیان کەسم دەرکردو رازی نەبووم شوویان پێ بکەم ، ئەویش بێ ئاگا لەمن و لە دڵم «ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ» هەر دەڵێی خوا منیشی دروست نەکردوە ! !

ئۆف هیوا . . بۆ وائەکەی ؟ بۆ هەنگاوێ بەرەو گیانە چاو لە ڕێگەم نانێیت ؟ گوایە لەمن جوانتر یا باشترت دەس دەکەوێ !

دەشزانم لە گەڵ هیچ کەسێکدا بەیەنت نیە ، ئەی بۆ . . ؟ توخوا دەپێم بڵێ کەی هەنگاوەکە دەنێیت و دەستم دەگری و

بەرەو بەهەشتی ژنم دەبەیت . .

ئا . . ئا . . عەمرت نەمێنێ کابرا ئەوە خۆ شوولی لێ هەڵکرد . . بەخوا جوانە ئائەمەمان کەمبوو ، داوەشێ‌ی بۆ خۆت‌و زەردەخەنەو دەمی گێرت ، من بە دەم یادی هیواوە پێ‌دەکەنم‌و ئەمیش . . ئاخر من چیم دابوو لەم بەزمە ، ترومێلی دایەرە وەردەگەڕێ‌و من تووشی بەلاٌ دەبم ، وابۆ دوو هەفتە دەچێ نە چاکی دەکەنەوەو نە یەکێکی دیکەمان دەدەنێ . . . مەگەر ڕێگەکەم بگۆڕم ! ئای لەو ئەقڵە . . . ئاخر ڕێ چۆن بگۆرم . . لە هەر لایێکەوە بێم هەردەبێ بەم جادەیەدا تێپەڕم‌و بەم پردەدا بپەڕمەوە . . بە تەکسی ئەڕۆم . . . باشە تو خوا مەعاشەکەم چەندە هەموو بەیانیەکیش دیناریٚ بدەم بە تەکسی . . . باشە ئەمە بۆ ؟ خۆ جادە وڕێ‌و بانەکەی نەکڕیوە تاهەر کەسێ پیایدا بڕواو باجی لێ بسێنێ . . . لە بەیانی زووتر نیە چاری دەکەم ، کە بینیم لە جادەکە دەپەڕمەوە بەو بەرا ئەڕۆم ، خۆ ڕاناکات بەدواما ، ئەگەر هەر وازیشی نەهێنا ، نەء وانیە ، کابرا دیارە زۆر بوودەڵەیە ، ئەمە هەفتەیەك زیاترە لەسەر ڕێگا گرتن بەولاوە هیچی دیکەی لە دەست نایێ ! ! باشە ئەگەر وای کرد ؟ ئەگەر وای‌کرد ئەوسا دوو قسەی وای پێ‌دەڵێم کە ئیتر لە ئاستی کەسدا سەر هەڵنەبڕێ . . . سەبرم لێ‌بکە تا بەیانی ورگنەی سەرو فەسالێ نابووت .

-٢-

بەیانی ئەمڕۆ ئاسمان دەم‌و چاوی دابوو بە یەکا ، پەڵە هەوری ڕەش لە سەر خۆ دەهات‌و هەورە سپی‌یەکانی لوول دەداو ونی دەکردن ، کزە بایێکی سارد وەك هەسان دەم‌و چاوی دەبڕی‌و تەزووێکی بە هەموو لەشیدا دەهێنا ، دەستەکان خۆیان لە ناو گیرفانەکاندا حەشار دابوو ، هەندێ جار بە پەلە پروزێ لە شوێنە گەرمەکەیان دەردەهاتن‌و یەخەی پاڵتۆیان هەڵدەدایەوەو لەمل‌و بەشێکی دەم‌و چاویان دەئاڵاند دواییش گورج وەك نێچیرێك هەستی بەراوکەر کردبێ خۆیان دەکردەوە بە هێلانەکەیاندا . . . کە هەنگاوەکانی ناوقەدی ڕێ‌یان بڕی‌و لە پردەکە نزیك بوەوە ئاسمان دەم‌و چاوی ئاوڕشێن کرد ، دەستەکانی ناچار بوون سەر دەر بێننەوە ، ئەمجارەیان خۆیان‌کرد بە ناو دەستکێشەیاناو توند چنگیان لە چەترەکە گیر کردو بەرزیان کردەوە .

لەسەر پردەکە هەنگاوەکانی بە دوایدا نەدەهاتن ، سەرنجی ڕێگەی‌دا ، هیچی بەدی نەکرد ، سەری وەك بەندۆڵی سەعات بەملاوئەولادا وەردەچەرخا بەڵکو لە پشت ئەو زەلامانەوەبێت ، کێ نالێ لە دوای ئەو دوو سێ کچەوەنیە ، هەنگاوەکانی بە تەواوی سست‌بوون ، چەترەکەی بەدەستەکەی دیکەی گرت ، تۆزێ باڵی بەرز کردەوەو قۆڵی پاڵتۆو چاکەتەکەی کشان بەرەو ژوور ، سەعاتەکەی دەرکەوت ، زوونیە ، هەمان کاتە . . ئەی بۆ دیارنیە ؟ ڕەنگە نەخۆش بێ . . ئیجازەبێ . . یا لەبەر باران تەکسی‌ی گرتبێ . . نەء ، هەفتەی پێشوو بارانیش دەباری‌و بە پێ‌یش چوو بۆ دایەرە . . ئەی کوا ؟ هەزاران خەیاڵ لە چرکەیەکدا بە مێشکیا گوزەری‌کرد . .

ئاه . . ئەوەتا . . لە ناوەڕاستی پردەکەدا چاوی پێ‌ی کەوت ، لەو بەرەوە دەڕۆیشت ، قژە ڕەشەکەی باران تێکی دابووو بەسەر شان‌و ملیا بە نارێکی بلاٌو بوبوەوە ، ورد ورد کەو ئاسا دەڕۆیشت وەك باران نەبارێ . .

دڵە کوتێ‌ی پێکەوت‌و ڕەنگی هەڵبزرکا «دامنابوو ئەم بەیانیە قسەی لە گەڵدا بکەم کەچی وائەو بەری لێ‌گرتووم . . ناهەقیشی نیە ، ئەمە چەن ڕۆژە هەر دەڵێم قسەی لەگەڵدا دەکەم‌و هیچیش . . ئەویش بێزاربوو بۆیە وادەکا !»

شانێکی هەڵتەکاند . . چی‌بکات هەر ئەوەندەی لە دەست دێ . .

لە پردەکە پەڕیەوەو بەلای ڕاستدا لای‌دا ، پۆل پۆل کچان دەهاتن ، هەندێکیان لەسەر خۆو هەندێکی دیکە هەنگاوی گورجیان دەناو ئەوانەی تۆزێ منالٚتربوون ڕایان دەکرد ، هەمووشیان وەك مریشکی ئاوەڕووت کراویان لێ‌هاتبوو . . ئەمیش هێدی هێدی هەنگاوی دەناو چاوی دەگێڕا . . !